# نۆكیا و مۆبایلی هەرزانبایی




بەم دواییانە كۆمپانیای نۆكیا رایگەیاند كە سێ مۆدێلی نوێی مۆبایلی بەرهەم هێناوە كە بەتەواوی لەگەڵ سیستەمی ئینتەرنێت دەگونجێن و لەگەڵ ئەوەشدا نرخیان زۆر لەسەری نییە. ئەم سێ مۆدێلەی نۆكیا بریتین لە nokia c3، nokia c6، nokia e كە دەتوانن وەك ركابەرێكی بەهێز بن بۆ مۆبایلی "بلاك بیری". كە نرخەكەی یەكجار لەسەرێیە. Nokia c3 كیبۆردێكی تایبەت بەخۆی هەیە و نرخەكەی تەنیا 90 یۆرۆیە. كە ئەو نرخە بۆ مۆبایلێكی لەم چەشنە گەلێك هەرزانە. گرنگترین تایبەتمەندی ئەو مۆبایلە بە ئاسانی لەگەڵ سیستەمی ئینتەرنێت پەیوەند دەبێ و هەروەها دەكرێ لە رێگەی ئەوەوە سەیری تۆرە كۆمەڵایەتییەكانی وەك فەیس بووك بكەی. مۆدێلی دووەمی مۆبایلی نۆكیا واتە nokia c6 مۆبایلێكی تەواو هۆشمەندە و شاشەكەی لەمسییە و كامێراكەی 5 میگاپیكسلە، نرخەكەی تەنیا 220 یۆرۆیە.




# چەند زانیارییەكی گرنگ لەبارەی ریجستەرییەوە

زۆر لەوانەی كە شارەزاییەكی ئەوتۆیان لەسەر كۆمپیوتەر نییە، لە دەستكاری كردنی دوگمە و فرمانەكانی كۆمپیوتەر تارادەیەك ترسێكیان هەیە، دیارە ئەم ترسەش لەخۆڕا نییە، پێیانوایە ناتوانن جارێكی دیكە وەك خۆی لێبكەنەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو كارە بكەن، چونكە ئەگەر زیانیشی هەبێ ئەزموونەكەی ئەوەندە دینێ. لەسەرەتای كاركردن بە كۆمپیوتەردا پێویستە ئەو خاڵانە بزانن:

1- ئەكتیڤ نەكردنی Auto play

هەركە CD یان فلاشت خستە ناو كۆمپیوتەر یەكسەرە Auto play ئەكتیڤ دەبێ، لەگەڵ ئەكتیڤ بوونی Auto play دوور نییە ڤایرۆسیش بگوازرێتەوە بۆ كۆمپیوتەرەكەت، كەوایە بۆ ئەكتیڤ نەبوونی Auto play پێویستە ئەم فرمانانە جێبەجێ بكەی.

لەسەرەتادا بچۆ سەر ریجستەری و ئەم فرمانانە لێبدە. HKLM/Software/ Microsoft/ Windows/Cur-rentV ersion/Policies/ Ex-plorer . پەرامیتری NWORD بكە بە nodrivetypeautorun. پەرامیتەری دروستكراو بكە بە FF000000.

2- رێژەی داونلۆدەكانی هاوكات زیاتر بكە.

جار هەیە پێویستە لەیەك كاتدا چەندین فایل پێكەوە داونلۆد بكەی، بۆ جێبەجێكردنی ئەم فەرمانە پێویستە سەر لە ریجستەری بدەی و ئەم فەرمانانە لێبدە HKCU/Soft-ware/ Microsoft/ Windows/ CurrentV ersion/Internet SerServer. و رێژەكەی بگۆڕە بە A..

3- ناوی تۆماركراوی بەكارهێنەری ویندۆز بگۆڕە. ئەو كاتەی كە ویندۆز لە حاڵەتی دابەزین دایە، لە بەكارهێنەر داوا دەكات كە ناو و ناوی كۆمپانیاكەی بنووسێ، بەڵام دوای دابەزاندنی ویندۆز گەر نیازت هەبێ ئەو ناوە بگۆڕی ئەم فرمانانە لێبدە.

لەسەرەتادا لە ریجستەری ئەم فرمانە لێبدە HKLM/Software/ Microsoft/ Windows NT/CurrentVersion پەرامیتەری RegisteredOwner و پەرامیتری RegisteredOrganizat ion بە ویستی خۆت بگۆڕە.



# بچووكترین كامێرای دیجیتالی




كۆمپانیایەكی چینی بچووكترین كامێرای دیجیتالی هێنایە بەرهەم كە بە كامێرای CHOBi CAM ناسراوە. كامێراكە قەوارەكەی تەنیا 4 سەنت لە 2 سەنت دایە و كێشەكەی **14 گرامە و بەم** هۆیە دەكرێ بڵێین كەمكێشترین و بچووكترین كامێرای وێنەگری دیجیتالییە. كامێراكە **فلاش** میمۆری دەخوات و هەروەها كارت میمۆری **لە جۆری** microSD **دەخوات. لەگەڵ ئەوەیدا بچووكە، وێنەكانی كە** بەم كامێرایە گیراون زۆر باشن و جێگەی **سەرنجن.**

# کورتە زانیارییەک لەبارەی فۆتۆشۆپ CS5

هەروەك لە چەند ژمارەیەكی رابردوودا بڵاومان كردەوە كە كۆمپانیای ئەدۆب زنجیرە پرۆگرامی CS5ی بەرهەمهێناوە، ئەم ڤێرژنە هەتاكو ئێستا بە بەرفرەیی بڵاونەبۆتەوە، بەڵام فایلەكانی ناسین و فێربوونی لەسەر سایتی یۆتیوب بڵاوبۆتەوە. لەنێو ئەو زنجیرە پرۆگرامەدا كە 14 دانە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ لە ریزی پێشەوەدایە، چونكە تەمەنی پرۆگرامەكە 20 ساڵە و پرۆگرامەكانی دیكە بە دوای ئەو پرۆگرامەدا هاتوونەتە بەرهەم. فۆتۆشۆپی CS5 خاوەنی 250 فیلتەر و فرمانی تایبەتە. كە بەشێكیان تایبەتن بە سێ رەهەندی كردنی فایلە ڤیدیۆییەكان. یەكێك لەو فرمانانەی كە لەم فۆتۆشۆپەدا زیاد بووە فرمانی Content-Aware Fill كە بەهۆیەوە دەتوانی كلیك لەسەر بەشێك لە وێنە بكەی و ئەوەی پێویستت پێی نییە لە وێنەكەدا لایبەری. ئەوانەی كە ئەركی وێنەگریان هەیە باش دەزانن ئەو فرمانە چەندە بۆ ئەوان پێویستە. گشت ئایكۆنەكانی فۆتۆشۆپەكە گۆڕانیان بەسەرداهاتووە. ئەوانەی كە دەیانەوێ زیاتر لەبارەی ئەم فۆتۆشۆپە بزانن، دەتوانن سەر لە سایتی یوتیوب بدەن. شایانی ئاماژە پێدانە ئەم زنجیرە پرۆگرامە نرخەكەی 2500 دۆلارە.





# كۆمپیوتەرە تەنكەكە لە تابلۆی وێنە نزیكە

كۆمپانیای Asos كە یەكێكە لە كۆمپانیا بەناوبانگەكانی بەرهەمهێنی كۆمپیوتەر، بەمدواییە كۆمپیوتەرێكی نوێی بەناوی Eeetop pc et بەرهەمهێناوە كە وەك تابلۆیەكی وێنە بە دیوار هەڵدەواسرێ. كۆمپیوتەرەكە خاوەنی شاشەیەكی لەمسییە، كە بەهۆی ئەوەی شوێنێكی كەم دەگرێ دەتوانی جێگرەوەیەكی باشی كۆمپیوتەری سەر مێز بێ. كۆمپیوتەری ناوبراو گشت تایبەتمەندییەكانی كۆمپیوتەری دیكەی تێدایە و جۆرێك لەو كۆمپیوتەرە دەبل پرۆسیسەرە.

# پرۆگرامی Photo Makeup Editor تایبەت بە ئارایش كردن

گشت لایەك ئەم راستییە دەزانێ كە ئارایش كردنی روخسار بەرلە گرتنی وێنە، بۆ ئەوەی كە لە وێنەكەدا دیار بێ بەتایبەتی لە خانماندا پێویستە. هەروەها جار هەیە دیقەی وێنەكە بەهۆی كامێراوە یان بەهۆی ئەوەی كە تیشكی پێویستی نەبووە یان تیشكی لە رادەی پێویست زیاتر بووە، وێنەكان تێك دەچن.

پرۆگرامی Photo Makeup Editor هەروەكو لە ناوەكەی رادیارە پرۆگرامێكی بەهێزە بۆ ئارایش و دەستكاری دەموچاو لە وێنەدا، بەشێوەیەكی سروشتی كە هەست پێنەكرێ. بۆ نموونە ئامرازەكانی وەكو رەنگی لێو، سایز و رەنگی مژۆڵ، رەنگی ددان، رەنگی چاو ..تاد لە كارەكانی ئەو پرۆگرامە بە سوودن.

بە كورتی تواناكانی ئەم پرۆگرامە ئەوانەن:

- كرداری ماتیك لێدان لە لێو، سێبەری چاو و رەنگی رووخسار..
- گۆڕینی رەنگی چاو.
- توانای كەمكردن یان لابردنی گنج و لۆچی و زیبكە و پەڵە.
- گۆڕینی رووخسار و رێكخستنی لەگەڵ جەستە.
- گۆڕانكاری لە رووخساردا و پێكهێنانی زەردەخەنە و چەندین توانای دیكە.





# ماوسێک بەپێ ئیش دەکا

سەرەرای پێشكەوتنی شاشەی لەمسی، قەت بیرتان لەوە كردۆتەوە كە هەندێك كەس هەن ناتوانن لە پەنجەكانیان سوود وەربگرن، یان هەر پەنجەیان نییە. كەوایە ئەوانەی پەنجەكانیان لەدەستداوە بۆ سوود وەرگرتن لە كۆمپیوتەر چ بكەن. بۆ ئەم مەبەستە دەتوانن سوود لە پێیەكانیان وەربگرن، هەربۆیە ماوسێك هاتۆتە بەرهەم كە بە پێ دەجوولێتەوە. بەكارهێنەر دەتوانی ماوسەكە لەنێوان قامكەكانی پێی دابنێ و ماوسەكە بجوولێنێ. رەنگە زۆر كەس پێی وابێ چۆن دەكرێ پێ جێگەی دەست بگرێتەوە، بەڵام ئەوانەی كە دەستیان نییە كاری ئەوەندە دژوار بەپێی ئەنجام دەدەن كە كەسانی خاوەن دەست ناتوانن ئەو كارانە بكەن.